کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:32 23-7-2007

## نامەیەک بۆ بەرپرسەکانی کورد... سەمیر حسین

کاتێك کە منداڵ بووم دەیان وت بەرپرسێك دێت، چەند ڕۆژێك پێش ئەوە خەونم بەوەوە دەبینی کاتێك هات بەڵکو بتوانم ببینم، وام دەزنی بەرپرس مرۆڤی ئاسای نیە، وام دەزانی دەبێت لە ئاڵتون دروست کرابێت و ئێمەش لەتەنەکە، وام دزانی شتێکی زۆر گرنگە وشێوەی جۆرێکی ترە، چونکە دەبوایە وابوایە ئەچومە هەرشوێنێك باسیان دەکردن کە چەندە دەسەڵاتیان زۆرە دەتوانن هەرچیەکت بوێت بۆت بکەن سەرم سوڕ دەهات، ئەو هەموو یاساوڵانە وام دەزانی هەموو دنیا وایە، ئاخر من تەنیا مەعمرالقزافی وسەدام وخومەینی وبەشارالسدو ئەم کەڵەپیاوە سادانەم ناسیبوو وام دەزانی سەرۆك تەنیا ئەمانەن.



نەم ئەزانی دنیایەکی ترهەیە کە سەرۆکەکانیان زۆر دەسەڵاتیان نیە یان چاودیریان لەسەرە ناتوانن لەخۆیانەو شت بکەن، ئاخر چونکە لای ئێمە نان و گیانیشیان بەدەستە، کاتێك دەهاتن بۆ شارەکەمان ڕام دەکرد بەشوێنیاندا سەیارە جام تاریکەکان یەك بەیەك دەگەڕام، ئەها ئەوەتانی، بەخوابینیم، کەدەگەڕامەوە بۆماڵەوە شانازیم بەوەوە دەکرد کەئەوانم بینیوە، خۆم بەچاوی خۆم وام دەزانی باوەڕم پێناکەن. سوێندم بۆدەخواردن، باشە وادەزانی تەیارەت بینوە، ئەوەندە سپی بوو دەستەکانی ئەوەندە نەرم بوو، پێدەکەنی، بەڵام چوار ناشیرنی کەڵەگەت دەوریان دابوو، منیان فرێدایە دواوە، خۆزگە گەورە نەدەبووم، بۆئەوەی هەربەگەورە سەیری ئەوانەم بکردایە، کاتێك کە گەورەبووم، زانیم ئەمانە بەرپرسن، ئەمانە مافیان، ئەمانە چ مرۆڤ گەلێکی تێرنەبوون، زانیم ئەمانە کۆمەڵێك کەسن کە زۆربەیان چەند ساڵە ژن ومنداڵەکەی نەبینیوە کەس نازانێت لەچ وڵاتێکدان کەچی دێن باسی ئەخلاق و مافی مرۆڤ و کۆمەڵایەتی ئینسانیەت دەکەن بۆئێمە، کەچی دێن دەیانەوێت کۆمەڵگەیەکی خۆشبەخت دابمەزرێنن بۆ ئێمە، بەرپرس هەیە لەکوردستاندا منداڵاکانی لەهاندەران وتبویان تف لەو خەڵکە کەوتوەتە شوێن باوکمان ئێمە بە باوکی خۆمانی نازانین وادەزانین مردوە نازانم لەبیرمان نیە بینیبێتمان.

من هیچ ناڵێم تەنیا ئەوە دەڵێم ئەگەر کەسێك خۆشەویستی بۆ منداڵەکانی نەبێت چۆن دەتوانێت خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی هەبێت بەڵام دڵنیا بن بەرپرسەکان لەوانەیە تاکو ماوەیەکی باش ئێوە هەر بمێنن چونکە هێشتا زۆر خەڵك هەیە ئێوە بەرزگارکەر دەزانێت، تەنانەت ڕۆشنبیرەکانمان بەسەختی پشت گیریتان دەکەن.

بەهرحاڵ کاتێك کە گەورەبووم تێگەیشتم بەڕاستی ئێوەکێن، خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە بەهەزاران میلەوە لەئێوە دوورە، خۆشبەخت ئەوەیە کە تەنانەت ناویشتان نازانێت. ئەزانم ئەم قسانەی من هەزاربارەن سواون باویان نەماوە، کەس تاقەتی نیە بیخوێنێتەوە ئەزانم پیاو ئەو کەسە یە ئەمڕۆ لەکوردستاندا ئەوەیە کە خۆی بژێنێت، ئەزانم دڵسۆز ئەوکەسەیە کە ئێوەپێتان قبوڵە، خۆفرۆش و ساختەچی ئەو کەسانەن کەلەدەرەوەی ئێوەن، بەهەرحاڵ منیش وەکو هەندێك لە ڕۆژنامەسەکان و نوسەرکان وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی ئەمە ئەنوسم بۆ مێژوو، پێتان دەڵێم ئەی بەرپرسەکان ئەوە بەرپرساریەتی نیە دەیکەن بەڵکو ئەوە وێران کردنی وڵاتە، ئەگەر ئەتانەوێت بزانن ڕێزاتان چۆنە دڵنیابن خەڵك بێزارە لێتان، چونکە درۆتان کرد لەگەڵ خەڵکدا، ئەوە باش بزانن کە ئێوە ئەم میلەتەیە خاوەنتان ئێوە خاوەنی ئەم میلەتە نین وەکو جەمالەدین ئەفغانی دەڵێت: ( (وڵاتمان بینیوە بێ پاشا بژی، بەڵام پاشامان نەبینوە بێ وڵات بژی) ) لەبەر ئەوە دواجار ئەم میلەتە بڕیار لەسەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چارەنوسی ئێوە دەدات، ئەم میلەتە هەموو كارەكانتان هەڵ دەسەنگینێت، باش و خۆاپتان دەناسین دەزانین كامتان باشەو كامتان خراپە، بەڵگەنامەكانتان ئەمێنن، ڕیزم بۆ ئەوانەتان هەیەكە باشن بەڵام زۆرتان درۆزنن زۆرتان دزن زۆرتان خراپ دەكن بەم وڵاتە.

ئێوە ناتوانن وڵات بەڕێوە بەرن ئێوە ناتوانن بڕیاربدەن، ئێوە ناتوانن كێشەكانی وڵات چارەسەربكەن، ئای ئەم وڵاتە بەدەست تەنیا یەك بەرپرسی شارەوانیەكی سویدەوەبوایە، ئینجا دەزانن ئەم وڵاتە چۆن چارەسەردەكرا، بەڵام ئێوە هەرخەریكی خۆتان بن ئەوەندە دەزانن هەمووشتێك تەواو بوە، دەزانم ئەم قسانەی من لە بۆڵەبۆڵی پیرە ژنێك دەچن، بەڵام هەر ئەو بۆڵەبۆڵەیە دەیتە ڕاستی، تەنیا شتێك ماوە پێتان بڵێم مێژوو چاوەڕێتانە خۆشبەختی بۆئەوەتان دەتوانێت ئەو ئەركیە ئەخلاقی و مرۆیانەی خۆی بەئەنجام جێبەجێبكات، خۆشبەختی بۆ ئەوەتان ناكەوێتە بەرتوڕەی ئەم دایكە جەرگ سوتاوانە ئەم میلەتە هەژارە.

هەندێك سەیری خۆتان بكەن ئیدی بەسە، لەكۆتای دا پێتان دەڵێم كە لەهەرسوچێكی ئەم دنیایەدا دەكرێت دڵ بەبەرپرسیاریەتی و مەسوئولیەت خۆش بكرێت، بەڵام كوردستان و عێراق بەداغەوە بۆ ئەوە ناشێت كە مرۆڤ دڵیان پێخۆش بكات بۆ ئەوەی زەمەنێك بمێنێتەوە، بەهەرحاڵ ڕوداوەكان زۆر زوو تێدەپەڕن، دەرئەنجامەكانیش زوو دەردەكەون، لەوانەیە ئەم خاڵەش بێت كە وابكات كە ئەو ئەركە ئەخلاقیەی لەسەرشانتانە بەوشێوەیە جێبەجیی نەكەن، و بەهەلی بزانن، بەڵام دڵنیابن هەل و فرسەت نیە لە بەرپرسیاریەتی دا لەوانەیە ماوەیەك هەبێت بەڵام هەرزوو شتەكان بەدەردەكەون، لەكۆتایشدا، ئەم بۆڵەبۆڵ و وڕێنانەی ئێمە هەرهەموو دەبنە حەقیقەت.

ئەوكاتە مێژوو بڕیاری خۆی دەدات، زۆر كات كەم ماوە لەبەر دەستان دا. بەڵام دەزانم جگە لەكۆمەڵێك كەسی بێ دەسەڵات كەس ئەم چەند دێڕە بێسەرو بەرە ناخوێنێتەوە. لەكۆتای دا بەرپرسەگەندەڵەكان پێتان دەڵێم ئەوەی كەئێوە دەیكەن نە سیاسەتە، نە ئازایە، نە خزمەتە، شتێكە تەنیا خۆتان ئەتوانن باسی بكەن ئێمە كوێرن نایبینین. بوبورن بەم شێوەیە قسە دەكەم ناچارم، دەبێت ئەم وڵاتە جارێكی دیكە لەسەر دەستی چەند كاربەدەستێكی بەئەخلاق و دڵسۆز بنیاد بنرێتەوە، چونكە هیچ كەس ناتوانێت ئەوندەی سەركردەی بەتواناو كاربەدەستانی عاقڵ وڵات بنیاد بنێت، وهیچ كەسێكیش ناتوانێت ئەوەندەی ئەوان وڵات بەرەو وێرانەببات.

Gce_2006@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.